نا

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق

ژمارە (6) ٤ ی تشرینی یەکەم / ٢٠٠٥

سەرنوسەر: تاهیر حەسەن

هاوکاری سەرنوسەر: خەسرەو سایە

# هەرەسی فدرالیەت لە دەستووردا

ئەمجەد غەفور



"ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانو دیموکراتیەت بۆ عێراق" دروشمی بزووتنەوەی کوردایەتی بوو، کە لە سەرەتای سەرهەڵدانو گەشە کردنیاندا وەك هێزێکی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا خۆیان پێ ناساند، کە لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە دەستیان داوەتێ تا سەرەتای نەوەدەکان. هەرچەندە لە سەرەتادا دروشمەکەیان لە نێوان ئۆتۆنۆمیو لا مەرکەزیدا ساغ نەکرابۆوە، بەلاّم دواتر بۆ دوو دەهە زیاتر چالاکی سیاسیان لەبەرامبەر دەوڵەتی عێراقدا بە "چەکداریو دیبلۆماسی" "شەڕو ڕێکەوتن" لە ژێر دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستاندا درێژە پێ ئەدا، بەلاّم نە کوردستان "ئۆتۆنۆمی پێ ڕەوا بینرا" و نە "عێراقیش بووبە دیموکراتی".

ئۆتۆنۆمی دروشمی بە حساب تاکتیکی بزووتنەوەی کوردایەتی بوو، نەك خواستو ئامانجی خەڵکی کوردستان، بەرنامەی حیزبە کوردیەکان بوو، نەك خەبات بۆ نەهێشتنی زوڵمی نەتەوایەتیو ئازادی سیاسی. ناوەڕۆکی ئەم دروشمەو هەڵسورانی سیاسی بەدەوریدا تەنها هەوڵدانی ئەو هێزە سیاسیانەبوو بەناوی کوردایەتیو کوردبونەوە بۆ وەرگرتنی دەستکەوتو ئیمتیازاتێك لە دەوڵەتی مەرکەزیدا.

هەرچەندە بزووتنەوەی کوردایەتی لە عێراقدا هەر لەسەرەتاوە لە باری تەشکیلاتیو هێزی چەکداری درزیان تێکەوت، وەك دوو هێز لە سەر شانۆی سیاسی




## جا کوا دەستور ئیسلامیيە؟!

جمال محسن

لاپەرە (٣)

## ڕەشنوسی دەستوور، بۆمبی یاسایی کردنی سیناریۆی ڕەشە!

عەبدوولا مەحموود

لاپەرە (٣)

# فرسەتە، با هەموو بڵێین ، هەزار جار نا بۆ دەستوور... هەر ئەمڕۆ سەربەخۆیی کوردسانمان دەوێ !

تاهیر حەسەن

Tahirhassan1@yahoo.com



ساڵی ١٩٦٨ لە ئەنجامی کودەتایەکی شوومی سەربازیدا، بەعسیەکان دەسەلاّتیان گرتە دەست، بەلاّم ئەم دەسەلاّتە کە لە دوای زنجیرەیەك کودەتای سەربازی کەم دەوامی هاو شێوەی بەعسیەکانەوە هاتبووە گۆڕێ ، هیچ زەمانەتێکی مانەوەی نەبوو، بەپێی وەزعیەتی ئەزمەگرتووی ئەوکاتی دەسەلاّتی سەرمایەداری عێراقی ،کە بەدوای ڕووخاندنی دەسەلاّتی پاشایەتی سەرمایەداری عێراقی لەگەڵی بەرەوڕوو بوو، بەخەیاڵی هیچ کەسێکدا نەدەهات کە ڕژێمەکەی بەعس و سەدام حسێن بتوانێ ٣٥ ساڵ دەوام بێنێ.ئەوەی کە بواری کردەوە ڕژێمی بەعس وەك بزووتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەب، نوێنەرایەتی سەرمایەداری بکات و بەوێنەی نیزامێکی ئابووری و سیاسی و کۆمەلاّیەتی سەرمایەداری بمێنێتەوەو دەسەلاّتی خۆی بۆ ئایندەیەکی دوور لە خەمی ڕووخاندن برەخسێنێ، دوو فاکتەری سەرەکی چارەنووس ساز بوو، کە ئاکامی بەکاربردنی سەرکەوتووانەی دوو تاکتیکی زیرەکانەی سەرانی ئەوکاتی ڕژێم بوو :

تا ئەو جێگایەی بە کوردستان دەگەڕێتەوە، دەستپێکردنی گفتوگۆی چوارساڵەی بارزانی و پارتی بوو لەگەڵ ڕژێمی تازە بەدەسەلاّت گەیشتووی بەعس. لە ساڵی ١٩٧٠ ەوە بۆ ١٩٧٤. لەسەر ئاستی عێراقیش کردنەوەی جەبهەی حزبی شیوعی عێراقی بوو لەگەڵ ڕژێمی بەعس. مفاوەزاتی چوار ساڵەی پارتی و کردنەوەی جەبهەی حزبی شیوعی لەگەڵ ڕژێمی بەعس لەو کاتەدا،بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ مفاوەزاتەکانی دواتری بزووتنەوەی کوردایەتیدا کە هەر چەند ساڵ جارێك پەنایان بۆ دەبرد، قابیلی بەراورد نیە. چونکە مفاوەزاتی ڕژێم لەگەڵ دوو هێزدا نەبوو کە لەحاشیەی کۆمەڵگەی عێراقدا دانیشتبن و بوون و نەبوونیان وەك یەك وابێت. سەربەخۆ لەوەی کە ناوەڕۆکی پارتی و بزووتنەوەکەی چی بوو،بەدەر لەوەی کە پایەی چینایەتی حزبی شیوعی عێراقی چی بوو، بەلاّم پارتی و بزووتنەوەی بارزانی لە کوردستان و حزبی شیوعی لە تەواوی عێراقدا دوو هێزی گەورەی کۆمەلاّیەتی فراوان بوون. ئەوان لە کوردستان و عێراقدا لە نێو شەقامەکان و دامەزراوەکان و زانکۆکان وکارگاکان و دێهاتەکان وجوتیاران و بەکورتی لە نێو هەموو دەمارەکانی ژیانی کۆمەلاّیەتی کۆمەڵگە دا، بە کردەوە حکومەت بوون. ڕژێمی بەعس بەبێ خامۆشکردنەوەی ئەم ئاگرە داسەپاندنی دەسەلاّتی بەسەر کۆمەڵگەی عێراقدا،لە تواناادا نەبوو. بۆیە توانی لە ماوەی چوار ساڵدا پارتی و بزووتنەوەکەی بڕوخێنێ و حزبی شیوعیش قووت بدات و سەدان کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتیان ئیعدام بکات! . ئێستا خەریکە هەمان سیناریۆ دووبارە دەبێتەوە بەلاّم ئەمجارەیان بە مەهزەلە.دوای

بۆلاپەرە ٢

# بەرژەوەندی بالاّی قەومی کورد یان بەرژەوەندی دەسەلاّت و گیرفانتان؟!

ناسك ئەحمە د

Nasikahmad٢@yahoo.com



جەلال تالەبانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا کە ٢٨ ی ئەیلول لە شاری سایمانی سازیدا، لە وەلاّمی پرسیاری ڕۆژنامەنووسێکدا لەسەر مەسەلەی کەرکوك ووتی: ئەو کوردانەی لە کەرکوك دەگەڕێنەوە بۆ شارەکانی هەولێرو سلێمانی، هیچ ناوێك شك نابەم کە لێیان بنێم تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەوانە خیانەتکارن، ئەوانە بەرژەوەندی شەخسی خۆیان دەخەنە پێش بەرژەوەندی قەومی کوردەوەو خیانەت دەکەن، داوایان لێ دەکەم دەست لەو خیانەتەیان هەڵگرن! وەهەر جۆرێك بووە تەحەمول بکەن.

بەرژەوەندی بالاّی قەومی،پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش،هێڵە سوورەکانی بەرژەوەندی نەتەوەیی و.....هەموو ئەم قسە پووچانە،بەتایبەتی بۆ دەسەلاّتە سەرکوتگەرەکان،ووشەیەکی تازە نیە.تەنیا هەر بەم تۆمەتە هەزاران ئینسانی شەریف و پێشکەوتووخواز ئیعدام کراون.بەکار بردنی ئەو دەستەواژەیە تەنیا پیشەی ناسیۆنالیستە کوردەکان نەبووە و نییە. سەدام حسین و هتلر و خومەینی وکەڵە ناسیۆنالیستەکانی تریش هەر بە نێوی بەرژەوەندی بالاّی قەومیەوەخەڵکیان دەکوشت و جەنگیان بەڕێدەخست . ڕەنگە سەدام حسێن هەزار جار بە شەخسی تالەبانی ووتبێت خیانەتکار!.

بۆیە بەڕاستی تالەبانی لەو جێگەوڕێگەیەدا نییە کە ئەم قسانە ڕوو بەخەڵکی بکات، ئەوخۆی مالّی لەشوشەیە، بۆیە

بۆلاپەرە ٤

**نا بۆ فیدرالیزم و حوکمی ئیسلامی.. بەلی بۆ ئازادی و دامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆ لەکوردستان !**

پاشماوەی...

# هەرەسی فدرالیەت لە دەستووردا

کوردستانی عێراقدا بەناوی "مەلایی‌و جەلالی" چالاکی سیاسیان دەنواند، بەلاَم هەردوولایان بێ ئەملاولا هەر بە دەوری دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان هەڵدەسوڕان، ژیانی سیاسیان لە هەر هەڵبەزو دابەزێکدا، بە ڕێکەوتن لەگەل دەوڵەت یاخود لە شکستەکانیاندا بەم دروشمە بەسەر دەبرد. ململانێی سیاسیان لە بەرامبەر دەوڵەتی مەرکەزیدا هەر بەم دروشمەوە تا ڕادەی تەسلیم بوون بە سیاسەتەکانی دەوڵەتی مەرکەزی دەگونجاند.

ئەم دروشمە لە هەڵسوڕانی سیاسی بزووتنەوەی کوردایەتی جگە لەوەی دەردی سەری‌و سەوداو مامەڵەبوو بەسەر خەڵکی کوردستانەوە، لە هەمان کاتدا دەوڵەتی مەرکەزی هیچ دەستکەوتو ئیمتیازێکی سیاسیشی بە خودی ئەو هێزانە لە دەوڵەتی مەرکزیدا نەدەبەخشی‌و ڕەوانەدەبینی، گەر بۆ کورت ماوە دەوڵەتی مەرکەزی ڕێکەوتنێکی ئەنجام بدایەو لە یەك دوو وەزارەتدا دای بمەزراندنایە، کلاَوێکی وەهای دەکردە سەریان بە ئابڕوچونەوە دەگەڕانەوە بۆ شاخ‌و شەڕی چەکداری. پاش ئەوەی لە دوای ڕوداوەکانی ئازاری ٩١ حیزبەکانی کوردایەتی کوردستانی عێراقیان کەوتە دەست، ئەو دوو هێزە "یەکێتی پارتی" بە گوێرەی نفوزی دەسەلاَتیان هەریەکەیان ناوچەیەکی بۆ خۆی داگیر کردو دەسەلاَتی میلیشیایی حیزبەکانیان تیا دامەزران.

دیارە ئیتر خواستی ئۆتۆنۆمی شتێکی سوك‌و بێ ماناو سەیر دەبێت کاتێ ئەو حیزبانە خۆیان بەسەر خەڵکیەوە حاکم بن، هەروەها لە نێو کێشمەکێشی سیاسەتی جیهانی سەبارەت بە عێراق‌و فشار لەسەر دەوڵەتی عێراق، ئاسانەو هیچی تێ ناچێ دروشمی ئۆتۆنۆمی بگوردرێت بە دروشمی فدراڵیەت.

هێنانە ئارای ئەم دروشمەش دووبارە نەك خواستی خەڵکی نەبووەو ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان ناهێنێتەدی، دروشمێکی کۆنەپەرستانەی ناسیۆنالستەکانە بۆ ڕەسمەیت دان بە دەسەلاَتیان لەسەر بنەمای کوردایەتی، واتە جیاکردنەوەو دابەشکردنی عێراقە لەسەر بنەمای نەتەوەپەرستی‌و ئاینی‌و تائیفی، فدراڵیەت یانی دابەشکردنی دەسەلاَت لە نێوان کوردو عەرەب‌و ئیسلامیەکاندا، سیفەتی ئینسانی بوون لە خەڵکی عێراق وەردەگرنەوەو تەعریفیان دەکەن لەسەر بنەمای مەزهەب‌و نەتەوەو عەشیرەت...، لەم ڕێگەیەوە هەردوو حیزبی دەسەلاَتدار لە کوردستانی عێراقدا بەناوی کوردبون‌و کوردایەتیەوە شەرعیەت بەدەسەلاَتی میلیشیاییان ئەدەن، وەك کورد شەراکەت لە دەسەلاَتدا ئەکەن، ئیتر ئەو دەسەلاَتە هەرچیەك بێت مەسەلەیەك نییە بۆیان، گرنگ ئەوەیە بە ناوی کوردەوە بەشیان هەبێت، هەر بۆ ئەمەش هەموو جۆرە ئیمزایەك بۆ عروبەو ئیسلامی سیاسی دەکەن‌و دەیان کەنە برا گەورەی خۆیان و خزمەتیان دەکەن. یەکیتی‌و پارتی بە جۆریکی وەها دروشمی فیدراڵیان لە گووتارەکانیاندا دەڕازاندەوە کە بواری هیچ پاشەکشەیەکی تیا نەبوو، لە هەموو بۆنەو باس‌و خۆشی‌وناخۆشی‌و شەڕو ئاشتیەکدا وەهایان نیشان ئەدا یەك زەڕڕە دەست لە فدراڵیەت هەڵناگرن، هەتا وەك دەستکەوتێکی مسۆگەرو مەسەلەیەکی بڕاوە، بەردەوام دەیان ووت عێراق دەوڵەتیکی فیدراڵەو هەموولایەنەکان لەسەری ڕێکەوتون، ئەم مەسەلەیە بەجۆریك تەشەنەی کرد هەتا ناسیۆنالستی کوردی لە بەشەکانی تری کوردستان وەك حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کەوتە بەرگری لە فدراڵیەت‌و خەوبینین بە فدراڵیەتەوە، ئەوانیش دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی ئێران یان فڕێداو چوونە ڕیزی برا فیدراڵیستەکانیانەوە. پاش بێنەو بەرەو ململانێ لە نێوان لایەنە سیاسیەکانی تری عێراق لەبەرەی کۆنەپەرستی عروبەو ئیسلامی سیاسی لە سەر دەستووری عێراق، ناسیۆنالستی کوردی زۆر شەرمنۆکانەو بێ باکانە چۆکی داداو "دەستووری ئیسلامی و عێراقی ئیتیحادی کە بەشێکە لە وولاَتانی عەرەبی‌و ئیسلامی" قەبوڵ کرد. لەگەڵ ئەوەشدا ڕایان گەیاند ئەم دەستوورە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ "گەلی کورد"، ئەو دەستوورەی مافی خەڵکی کوردستانی خستە ژێر پێ‌و حیزبەکانی کوردایەتی کرد بە برا بچوك‌و خزمەت کار، کە خەریکە لەو زەمانە خراپتر دەبێت کە دەیان ووت صدام حسین ئەندازیاری ئۆتۆنۆمیە. بودەڵەیی وچۆکدادان بۆ بەرژەوندی حیزبایەتی سیفەتێکی ناسراو و بەتەجروبەی هەردوو حیزبی دەسەلاَتداری کوردستانە، جگە لەوەی ڕێگر بون لە بەردەم خواستی جیابونەوەی بەرهەقی خەڵکی کوردستان، بۆ دروشمەکانی خۆشیان هەمیشە خاوەنی پاشەکشەو دەست ماچ کردن‌و شکست بون، بەدەستی خۆیان فدراڵیەکەیان خستە ناو زبڵدانەوەو کردیانە قوربانی ڕۆحی سیستانی‌و حەکیم‌و جەعفەری‌و جمهوری ئیسلامی ئێران‌و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتانی دراوسێ. بەهەرحاڵ بەر لەوەی فدراڵیەتەکەیان بکەوێتە بەر هەڕەشەو تووڕەیی جەماوەری ڕادیکاڵ‌و ئازادیخواز، هەر بۆخۆیان خستیانە ژێر هەرەسی دەستوورەوە.

دەستووری عێراق ئیتیحادی بێت یا فدراڵی بە جیا لەوەی هیچ ماف‌و دەستکەوتێکی بۆ خەڵکی کوردستان بەڕەسمی نەناسیوەو نایناسێ، ئەوە ئاشکرایە ئایندیەکی تاریك دەخاتە بەردەم تەواوی خەڵکی عێراق، لە هەمان کاتدا هەردوو حیزبی دەسەلاَتدار لە کوردستاندا دەکاتە پاشکۆو بەرژەوەندی سیاسەتی دەوڵەتی مەرکەزی کە هێزە کۆنەپەرستەکانی عروبەو ئیسلامی سیاسی ڕمبازێنی تیا دەکەن، کە مایەی بەش مەینەتی‌و نەهامەتی‌و دژی ئینسانیە. ئەم دەستوورە لە ژێر ناوی عێراقی فیدراڵی بێت یا ئیتیحادی هیچ لە ناوەڕۆکی کۆنەپەرستی‌و دژی ئینسانیەکەی کەم ناکاتەوە، بەلاَم عێراقی ئیتیحادی مانای پاشکۆیی‌و تەنازول‌و سەرشۆڕی ناسیۆنالستی کوردە کە ئایندەیەکی ترسناکترمان بەرەوروو دەکەنەوە. حیزبەکانی کوردایەتی بە تەواوی هەست‌و نەستیانەوە ڕێکەوتن لە سەر "عێراقی یەکپارچەی ئیتیحادی عەرەبی ئیسلامی دیموکراتی". ئەم دەستوورە تەنها بە نارەزایەتی بەرینی خەڵکی دەپێچرێتەوە، ئەم دەستوورە جیلکە وەژاندنە بۆ گەرم کردنی شەڕێکی ناوخۆیی تائیفی، کە دەمێکە بۆتە مایەی مەترسی خەڵکی‌و ڕای جیهانی، ئەم دەستوورەو ئەو هێزانەی لە پشتی ئەو دەستوورەن گەرم کەری ئاگری ئەو شەڕەن، نابێ بهێڵین سەر بگرێ‌و لەوە زیاتر ماڵوێرانمان کەن، دەنگی پێ مەدەن‌و ڕیسوای کەن، با بە هێزی هەموو لایەکمان دەست بەجێ بی پێچینەوە.

پاشماوەی ...**فرسەتە، با هەموو بڵێین ، هەزار جار نا بۆ** .......

ماوەی چوار ساڵدا پارتی و بزووتنەوەکەی بروخێنێ و حزبی شیوعیش قووت بدات و سەدان کەس لەئەندامانی سەرکردایەتیان ئیعدام بکات!. ئێستا خەریکە هەمان سیناریۆ دووبارە دەبێتەوە بەلاَم ئەمجارەیان بە مەهزەلە. دوای تێپەڕبوونی نیو سەدە،دووبارە خەریکە ناسیونالیزمی کورد دەبێتەوە بە پایەکانی دامەزراندنی، دەسەلاَتێکی قەومی عەرەبی ئیسلامی عەشیرەتی تایەفەیی!. ئێوە سەیر کەن. هیچ سەردەمێك بە ئەندازەی ئەم سەردەمە فرسەت بۆ خەڵکی کوردستان هەڵنەکەوتووە، تا بە یەکجاری مەسەلەی کورد بۆ هەتاهەتایە تیایدا چارەسەر بکرێت و دەوڵەتی سەربەخۆی خەڵکی کوردستان دروست بێت.چەندین دەهەیە سەرانی ناسیونالیزمی کورد دەڵێن وولاَتانی دەوروبەرمان سەربەخۆیی کوردستان قبووڵ ناکەن و دێنە سەرمان!.بەلاَم ئەمڕۆ دەبینین جمهوری ئیسلامی لەلایەکەوە لەژێر گەورەترین گوشاری نێو دەوڵەتیدایەو هەرچەند دەکات نازانێت چۆن ڕازیان بکات، لەلایەکی تریشەوە تەقینەوەی نارەزایەتی خەڵکی ئێران ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر پەرە دەسێنێ و ڕژێم بۆ قەراغی مەرگ پاڵ پێوە دەنێ. دەوڵەتی تورکیا وێڕای ئەوەی لە گەڵ دنیایەك قەیرانی ئابووری و حکومەتی دەرگیرە،هاوکات ئەوجێگاو ڕێگایەی جارانی لەسیاسەتی ئەمریکادا نەماوەو پەلەقاژەی ڕازی کردنی دڵی سەرانی وولاَتانی ئەوروپای یەکگرتووە تا بە ئەندام قبووڵی بکەن!. دەوڵەتی سوریا ئەوە وەزعی لە هەموان خراپترە،جارێ هێشتا بۆ سەرانی حکومەتەکەی مەعلوم نیە دەمێننەوە یان دەبێ بڕۆن!.لەسەر ئاستی ناوخۆش دەسەلاَتێکی مەرکەزی لە ئارادا نیە تا هەڕەشەی لەشکرکێشی سەربازی بکات بۆ کوردستان. ناسیونالیزمی عەرەب بە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس کەمەری شکاوەو هێشتا پشتی ڕاست نەکردۆتەوە. ئیسلامی سیاسیش سەرقاڵی کێشەی نێو باڵەکانی خۆیەتی و زۆرتر خەریکی دامەزراندنی هێز و دەسەلاَتی خۆیەتی لە خوارووی عێراق.تا ئەو جێگایەی بە ئەمریکا دەگەڕێتەوە، ڕۆژانە شکست لە دوای شکست چ لە ئاستی سیاسەتی نێو دەوڵەتیدا، چ لەئاستی سەربازی نێو خۆی عێراقدا تۆماری دەکات وکەوتۆتە نێو زەلکاوێکەوە خۆشی نازانێت چۆن لێی دەرچێت، تەنانەت شکستی ئەمریکا لە عێراق باسی گەرمی نێو ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکایە.بۆیە لەوەزعیەتێکی ئاوهادا فشارێکی جەماوەری زۆری ناوێت تا ئەمریکاش مەسەلەی سەربەخۆی کوردستان قبووڵ بکات.

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان!

سەرانی یەکێتی و پارتی سەربەخۆیی کوردستانیان گەرەك نیە،تاڵەبانی بە دەمی خۆی ووتی بەعومرم باوەڕم بە سەربەخۆیی کوردستان نەبووەو بۆی تێ نەکۆشاوم!.ئەم فرسەتە لەدەست بچێت وئەم دەستوورە بچەسپێ.وەك مۆڵەتەکەی ساڵی ٧٠ بۆ ٧٤ ،ناسیونالیزمی عەرەب وئیسلامی سیاسی دەسەلاَتی خۆیان دەچەسپێنن و ئینجا هەمان کار دەکەن، کەڕژێمی بەعس ساڵی ٧٥ کردی. ئەو قسەیەی(سەلاحەدینی موهتەدی) پووچە کە دەڵێ:ئێمە حکومەت و سووپای خۆمان هەیەو ئەگەر ڕازی نەبوون دەوڵەتی خۆمان دروست دەکەین!.هەر هێزێکی سیاسی لەباری ئیستیراتیژی و ئاسۆی سیاسیەوە شکست بخوات،بەر لەهەر شتێك هێزە سەربازیەکەی هەرەس دێنێ. بارزانی لە ساڵی ١٩٧٥ دا چەند ئەوەندەی ئێستای یەکێتی و پارتی هێزی هەبوو، هەمووی بە هەوادا چوو. ئەگەر ئەمجارەش وەك ساڵی ٧٥ شکست بێنن،ئینجا کوڕەکانی سەرانی ئێستای بزووتنەوەی کوردایەتی دووبارە قەوانی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لێ دەدەن!. بۆیە ڕۆژێکەو ئەمڕۆ،بەقسەی پەرلەمانە کارتۆنیەکەی یەکێتی وپارتی مەکەن. بەهێزی جەماوەریتان وەرنە مەیدان و خواستی سازدانی ڕیفراندۆم وسەربەخۆیی کوردستان بەرزکەنەوەو ئەم دەستوورە تووڕ هەڵدەن. سیناریۆی دەنگدان لەسەر دەستوور، ئاهەنگی بەخاك سپاردنی خواستی سەربەخۆیی کوردستانە، بەشداری تێدا مەکەن. ٢٩/٩/٢٠٠٥

**دەستوریك کەلەسەر بناغەی ناسنامەی قەومی و ئاینی داریژرابیت خەلکی کوردستان پەلکیشی ستەم و پیکدادانی قەومی دەکا !**

# ڕەشنوسی دەستوور، بۆمبی یاسایی کردنی سیناریۆی ڕەشە!

عەبدووڵا مەحموو
Abdulla.mahmud@gmail.com



ڕەشنوسی دەستوری عێراق، کە لەلایەن حکومەتەکەی تاڵەبانی جەعفەریەوە ئامادەکراوە، وابڕیارە بەپێی مەنتیقی دیموکراسی!! بخرێتە بەردەم ڕاپرسی جەماوەریەوە، ڕەشنوسێکە کە کۆمەڵگای عێراق، دەخاتە بەردەم گەورەترین هەڕەشەوە، هەڕەشەیەك کە زۆر گەورەترە لەو هەڕەشانەی زیاتر لەدووساڵە کۆمەڵگای عێراقی نوقمی تیرۆرو کوشتار و نائەمنی و بەیەکدادانی تایفی لێرەو لەوێ کردووە.

ڕەشنوسی دەستوور، بەجیا لەوەی لەکام فەزای تیرۆرو کوشتارو نائەمنی و بەیەکدادانی تایفی و داگیرکاریدا نوسراوە، ڕەشنوسێکە کە کۆمەڵگای عێراقی لەلایەکەوە بە بەشێك لە جیهانی ئیسلامی پێناسە کردووە، ئیسلامی بەوێنەی ئایینی فەرمی دەوڵەتو سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان داناوەو دەوڵەتی عێراقیشی بە یەکێك لە ئەندامە کاراکانی جامعەی عەرەبی پابەند بە میساقەکانی پێناسەکردووە.

ئەمە بنەماو پایە سەرەکیەکانی ڕەشنوسی دەستورە، و هەرچی تر کە لەم دەستورەدا هاتووە، دەرهاویشتەی ئەم دووپایە بنەڕەتیەیە. ئەم دووبەندە، کۆمەڵگای عێراق دەخاتە ناو حەقلی بۆمبە مەرگچێنەکانەوە، قوربانیانی ناو ئەوحەقلی بۆمبە، کوشتاری ڕۆژانەیە، قوربانیانی سەدان بەرابەری ئەو قوربانیانەیە کە ئێستا بە سەیارەی لە تیئین تی هەڵکێشراو، بە جەستەی چنراو لە بۆمب، بە ڕفاندن و سەربرین، بە ڕماندنی باڵەخانەو ئوتێلەکان، بە گیان کێشانی جەماعی.... لەبەین دەبرێن وجەستەیان تێکەڵی پارچە ئاسن و داروبەردو بلۆك و باروت و تیئێنتی دەبن. وە قوربانیانی لە کوشتاری تایفی و قەومی ئێستا واوەتر دەچن. بەیەکدادانی ڕۆژانەی تیرورستی ئێستا، چەندە قیزەونە، بەیەکدادانی سبەی ئەم قیزەونی یە یاسایی ئەکات. لە ناو ئەو حەقلی ئەڵغامەدا کە بڕیارە ناوی دەستوری لێبنرێت ، کەس بێبەری نابێت، کرێکارو کارمەند، ژن و لاو، هونەر و موسیقا، کوردو عەرەب، تورك وئاشوری، سوننە مەزهەب و شیعە مەزهەب،.......تاد.

هاوکات ئەگەر ئەوەی ئێستا لە عێراق ڕوودەدات، ئاکامی داگیرکاری و جەنگخوازی یە، ئاکامی کێبەرکێی تایفی و قەومی یە، ئاکامی بەردەوامی شەڕی تیرۆریستی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی یە، بەڵام ڕەشنوسی دەستوور سەرباری ئەوەی بەرهەم و ئاکامی چاوەڕوانکراوی هەرکام لەوانەیە، جیاوازیەکی بنەڕەتیشی هەیە لەگەڵیان. جیاوازی نێوان، بەیاساییکردن و نایاسایی بوونی ئەم هەلومەرجەیە، هەلومەرجی بەرلەدەستور، هەلومەرجێکی نایاسایی و سەرگەردانی و بێ دەوڵەتی و بێ حکومەتیە، هەلومەرجی دیارنەبونی شوناسی مەملەکەت و تاکی ئەم مەملەکەتەیە، فەزای وونبونی ئەرك و حقوقی هەموو تاکێك و سەلاحیەتەکانە. دەستور بەڕواڵەت بڕیارە وەڵام بەم نادیاری شوناسی کۆمەڵگاو تاکەکانی، حقوق و ئەرك و سەلاحیەتی هاوڵاتیانی بداتەوە.

بەڵام ڕەشنوسی دەستور، حەقلێکە لە بۆمب، لەهەموو شوێنێك چنراوە، لە سەرکار، لە بازارو شوێنی گەڕان، لە قوتابخانە، لەناوماڵ، کابوسەو لە بەردەم هەموو هاوڵاتیەك ئامادەیی هەیە. با بەکورتی ئەمە سادە بکەمەوە. دینی ئیسلام یاسای فەرمی ووڵاتەو بنەمای یاسادانانە. ئەمە یانی چی؟ یانی ئەگەر کرێکاریت و لەسەرکار یان بێکاریت، ناڕەزایەتی بەڕووی نائەمنی شوێنی کار، کرێ ی کەم، سەعات کاری زۆر، شدەتی کار، کەمی موچە.......قەدەغەیە، چونکە بە پێی ئەم بەندی دەستورە، خێرو شەڕ خوا ئەیدات، سەروەتو سامان بەدەستی ئینسان نیە، قدرەتی ئیلاهی بڕیار بەدەستە، شکورانە بژێرو قانعبوون سەروەت زیاد ئەکات،"لان شکرتم لازدنکم". بەڕاستی بە پێ ی ئەم مەنتیقە، ئەبێ قوربانیانی نائەمنی شوێنی کار، چ ئامارێك تۆمار بکات؟ ئەبێ برسیە شوکرانە بژێرەکان چەندە ڕەوانەی گۆرستان بکرێن؟ منالانی کەم خۆراك چ کێویك لە ژێرخاکدا پێکبهێنن؟ وە بەپێی هەر ئەم بەندە ژنان لەپیاوان کەمترن، پلە دوون و ئەبێ موتیعی پیاو بن، یاساو دەسەڵاتیش ئەمە قانونی دەکات، بەوپێ یە دەبێ ئاماری کوشتنی ناموسی ژنان، چ خەرمانەیەك لە مەرگەسات لەکۆمەڵگادا کەلەکە بکات؟ و چ فەسادخانەیەکی نەزمی نوێ و حکومەتە کرێگرتەکەی لەم جغرافیایەدا، بکرێتەوە؟ ئەمانە هەمووی بە پێی بنەمای دەستور قانونین، ئێستا هیچ لەوە ڕۆشنتر نی یە، کە ئەم قوربانیانە هەم ڕۆژانەیەو هەم کەس نابوێرێت و ئامارەکەشی هەزاران جار، لە قوربانیانی ڕووداوەکانی ئێستای عێراق، زیاترە و سنور نەناسیشە.

بە پێی ئەوەش کە عێراق ئەندامێکی کارای عەرەبی یە و پابەندە بە میساقەکانی!، واتە عێراق بەشێکە لە نەتەوەو نیشتمانی عەرەب، ئەمەش یانی مۆردانی عەرەبی لە ناوچەوانی دانیشتوانی عێراق، کە دەبێتە مایەی دابەشکردنی دانیشتوانی عێراق لە سەربنەمای میللی، کە ئەمە جوداسازی، وەکو کۆڵەکەیەکی قەوارەی دەوڵەتی تازە دادەکوتێت. لەسەر ئەو بنەمایەشەوە، ئاگری پاکتاوکردنی میللی و سەرکوتی خوێناوی نارازیان بە ناچار ئەبێت بەواقعیەتێکی تاڵ، واقعیەتێك کە بەدرێژایی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، خەڵکی دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم کردووە. و ئێستاشی لەگەڵ بێت لەئاکامی قەوارەی دەوڵەتی بەم شێوەیە بووە، کە تائێستا کێشەو قڵشتی میللی یەکێکە لە سیماکانی کۆمەڵگای عێراق، ئەم ڕەشنوسی بەناو دەستورە درێژە پێدەری هەمان مێژووە، لە بەرگێکی تری ئارایشت دراوی نەزمی نوێ ی دنیاو بەرە کرێگرتەکەی لە "بۆرژوازی عێراقی"دا. بەڕاستی ئەم دووپایەیە" ئیسلام و عەرەبی بوونی عێراق" کە ئەم ڕەشنوسی دەستورەی پێکهێناوە، بۆمب نی یە؟ وێران کەر نی یە؟ مەرگچێن نی یە؟ وە نابێ ڕەشنوسەکە وەکو فتوای وێرانکردنی کۆمەڵگای عێراق مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟ ئەوانەیش ئەمەیان پێشنیار کردووە، لەسەر ئەم فتوایەیان، نابێ بدرێنە داداگای بەرەی متەمەدینی نێودەوڵەتی؟.

بەنا ووتن بەم ڕەشنوسە، چارەنوسی بەرەیەکی سیناریۆی ڕەش، لە بەین دەبرێت، وە بۆمبێك پوچەڵ دەکرێتەوە، کە بۆمبی ناوکی یە بۆ وێرانکردنی یەکجارەکی کۆمەڵگای عێراق. ٢٨-٩-٢٠٠٥

---

# جـــا کـــوا دەستور ئیســــــــــلامیە؟!

جمال محسن
jamal_muhsin@yahoo.com

تاڵەبانی چەند خۆی تووڕە بکاتو خۆی لە ڕۆژنامەنووسان گرژ بکاتو یان چەند سوێند بخوات بە باشی و بێگەردی دەستور، ئەوەندە زەمانەتی مەعاشەکەی ئەکات و خۆی زیاتر ئەباتە پێشەوە لە دەسەڵاتە کۆنەپەرستە ئیسلامیەیەکەی جەعفەری. لەبەرامبەر ئەوەدا کە بەشە دەسەڵاتەکەیان زۆرتر بێتو یان بمێنێتەوە، تاڵەبانی تەعەهودی هەڵخەڵەتاندنو فریودانی خەڵکی بە ئیسلامی سیاسیو تاقمەکەی جەعفەریو الحکیم داوە. ئەوان لەوێ چەند مێزەر بەسەرو "مامۆستای دوانزە عیلم" یان داناوە تا دەستورێکی فاشی ئیسلامی بنوسێ. ئەمانیش دەستەمۆ کردنی خەڵكو چاوبەستەکردنیان لەسەر شانە، تا وای نیشان بدەن کە ئەمە ئیتر دەستورێکی زۆر باشەو جێگای مافە فەردیو مەدەنیەکانی خەڵکی تیا بۆتەوە. بۆیە بێجگە لە ئەدەبیاتی ڕۆژانەیان، کە هەمیشە بەسەر دەستوردا هەڵئەدات، ئەوەتا تاڵەبانیش لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەگەریەکەی دوکان لە ڕۆژی ٠١/١٠/٢٠٠٥ دا ووتی :"جا ئەم دەستورە کەی ئیسلامیە؟ ئەوە قسەی چەند ڕۆشنبیرێکی بێئاگایە کە نەیانخوێندۆتەوەو نازانن چی تیایە. ئەی ئەوە نیە ئەڵێت عێراق دەوڵەتێکی ئیتحادی، دیموکراسیە؟" بێجگە لەوەی هەراو زەنای دەستور چ مەرامێکی چەپەڵی ئەمریکاو دەستوپێوەندەکانی لە پشتە کە ئەیانەوێ ئەم وەزعە مەئساویو ژیانە ڕەشو نائەمنیەتەی خەڵك بەدەستورو یاسا درێژو ئەبەدی بکەنەوە، بەڵام ئایا قسەکەی تاڵەبانی وایە کە دەستور ئیسلامی نیە؟ ئەی ئەوەی کە شەریعەی دژی ئینسانی ئیسلام تاکە بنەمای دەستورو یاسادانانەو نابێ هیچ یاسایەك لە ئەحکامە جێگیرەکانی ئیسلام لابدات، مانای ئیسلامی بوونی دەستور نەدات بەدەستەوە، چی تر ئەگەیەنێت؟! ئەی ئەوەی کە بە پێ ی دەستور هەموو دیوانەکانی ئەوقاف لە باری بەڕێوەبردنو ئابوریەوە سەربەخۆنو کەس بۆی نیە دەست لە کاریان وەردا گەر هەموو پارەی عێراقیش بڕژێتە گیرفانیانەوە (کە دیارە چ بودجەیەکی دەوڵەتیان بۆ هەڵئەڕێژرێت)، نیشانەی ئیسلامی بوونی دەستور نەبێ چی ترە؟! تاڵەبانی نایەوێ خەڵك "زۆج" بکاتو ئەم "خەنجەرە بە مەدالیا" بە خەڵك بفرۆشێت. تاڵەبانی ئەرکیەتی خەڵك ڕاپێچی ژێر حوکمی عەمامەو عەبای پیاوانی دینی بکات. تاڵەبانی بۆ ئەوەی بتوانێت پارەی زیاتر لەوەی ئێستا هەیەتی پێکەوە بنێت، بستێك زۆرتر لە خاکی عێراقی چنگ بکەوێت، بۆ ئەوەی تاکو ناسیۆنالیزمی عەرەبو ئیسلامی سیاسی ئەوەندە هاوسەنگی هێز بە قازانجیان نیە ئەمان بپێچنەوە، سوود لەم ئەوزاعە وەربگرێ، ئەبێ وا لەخەڵك بکات توند توند چاویان لەبەرامبەر ماهیەتی کۆنەپەرستی ئیسلامی دەستوردا بنوقێنن. خۆ ئەو ئەوەی یەك زەڕڕە بۆ گرنگ نیە کە خەڵك بە ئەحکامەکانی ئیسلامی چیان لێ ئەکرێتو چیان لێدێت. عێراق با وەکو ئەفغانستانی ژێر دەستی کارزای لێ بێ، با وەك ئێرانو سعودیەی لێ بێ بە ئەو چی؟! با هیچ لاوێك نەتوانێك بە شێوەیەکی مۆدێرنو هاوچەرخ بژی، با ژن زیاتر جێگەی ماڵ بێتو بە ئەحکامەکانی ئیسلام زیاتر ببێت بە کۆیلەی پیاو بە ئەو چی؟ خۆ حجاب بەسەر ئەودا فەرز ناکەن! خۆ منداڵەکانی ئەو بە شیشی سورەوەکراوی ئاگری جەهەنم ناتۆقێنن! کاسبیەکەی تاڵەبانی هیچ عەیبی نیە. بەس نیە ئەو تلیاك نافرۆشێ! بەس نیە بە دەستی خۆی کچانی بێسەرپەنا کراو ئاودیوی سنورەکان ناکاتو بیانفرۆشێ بە باندەکان بازرگانی بە ئافرەتەوە!. ئەو تەنها خەریکی فریودانە، بۆ ئەمەش بە فەردە پارە وەرئەگرێ!
٠٢/١٠/٢٠٠٥

---

**کۆنگرەی ئازادی عیراق تەنها بەدیلی رادیکال و ئینسانیە لە پیناو کۆتایهینان بەسیناریۆی رەشی ئیستا و هەنگاو نان بەرەو گیرانەوەی مەدەنەیت بۆ کۆمەلگا !**

## پاشماوەی.....بەرژەوەندی باڵای قەومی کورد یان .....

حەق نییە بەرد بگرێتە ماڵی خەڵك. باشە تاڵەبانی بە هێنانی سوپای پاسدارانی جمهوری ئیسلامی هەتا قووڵایی کوردستان دەڵێت چی، واجیبی نەتەوەیی؟!.ئەی بە هەڵگیرساندنی جەنگێکی ٤ ساڵەی ناوخۆیی کە زیاتر لە ٥ هەزار لاوی کوردستانی تیادا بوونە قوربانی و دەیان هەزاریشی ئاوارە کرد دەڵێ چی،دڵسۆزی نەتەوەیی؟!.ئەی بە بە تاڵان بردنی زیاتر لە ١٤ساڵی سەروەتوسامانی کۆمەڵگە و دزینی پارووی دەمی خەڵکو شیری منداڵ و کردنی بە کۆشکی شاهانە بۆ خۆی و کەسوکارو سەرانی حزبەکەی دەڵێ چی،بانکی قەومی کورد؟!.ئەی بە بەڕێوەبردنی بێوێنەترین هەڵمەتی ڕاووڕووت لە شاری کەرکودا لەسەرەتای ڕووخاندنی ڕژێمەوە دەڵێ چی،هەڵمەتی پاکسازی ماڵی و قەومی؟!.

سەدام حسێن دەیووت ئەوەی لەبەرەکانی جەنگی ئێران - عێراق هەڵدێت،ئەوە ترسنۆکەو خیانەت لە ئاسایشی نەتەوەیی دەکات و بەرژەوەندی خۆی دەخاتە پێش بەرژەوەندی خاکی عێراقەوە!!. ئێستاش تاڵەبانی دەڵێ ،قەیدی چیە لەسەروو ٤٠ دەرەجەی حەرارەتەوەو لەژێر چینکۆ و دارو پەردو و بێ ئاوی و بێ کارەبایدا تەحەمول بکەن،ئەگەر منداڵەکانتان مردن دەبن بە قوربانی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کورد.دەبێ تەحەمول بکەن ونەفەستان درێژ بێت مەسەلەی کەرکوك بۆ ئێمە مەسەلەیەکی مەسیریە!.بەڵام سەیر لەوەدایە بۆ هەموو ئەو دەسەڵاتانەی کە ڕۆژی هەزار جار ئەم تۆمەتانە دەدەنە پاڵ خەڵکی،بەرژەوەندی قەومی میللەت بۆ دەسەڵاتداران دەبێتە نازو نیعمەت وبۆ میللەتیش دەبێتە بەدبەختی وکوێرەوەری!.مەعلوم نیە بۆچی و لەپێناوی چیدا دەبێ خەڵکی تەحەمولی برسێتی و بێکاری و کوشت وکوشتار و تەقینەوە و نەبوونی و بێخانەولانەیی و دزی وجەردەیی ئەم جەنابانە بکات؟!. ئێوە سەیری دڵی گەورەو عەدالەتخوازی ئەم پیاوە سۆسیال–دیموکرات و لیبراڵە بە ئەزموونە بکەن. بەهۆی توندکردنەوەی هەموو ڕۆژەی دەمارگیری نەتەوەپەرستی و قەومیەوە شاری کەرکوکیان کرۆتە جەهەنمێك بۆ دانیشتوانەکەی،ناوچە کورد نشینەکان کراوەتە زەویە قەدەغەکراوەکان لە عەرەب و تورکمانەکان،بۆ ناوچە عەرب نشینەکانیش هەروا، تیرۆر، ڕفاندن وتەقینەوەو کوشت وبڕ هەڕەشەیکی بەردەوامی ڕۆژانەیەو وەك مۆتەکە بەسەر سەری خەڵکەوەیەو یەخەیان بەر نادا!. کوردەکانی حەویجەو موسڵ کورد بوونیان بووەتە مەرگێکی شاراوەی هەر چرکەیە، کەچی تەنانەت ئەو مافە بۆ ئەو خەڵکە بە ڕەسمی ناناسێ کە منداڵەکانیان و گیانیان لە ئاگری ئەو شەڕە خوێناویە کە بەزۆر سەپاندوویانە بەسەریاندا دوور بخەنەوە!.تاڵەبانی خۆی جورئەتی ئەوەی نییە بە کۆڵێ چەکدار و حمایە و سەیارەی مەحکەمەوە لە بەغدادەوە ولەڕێگەی کەرکوکەوە بەرەوە سلێمانی بکەوێتە ڕێ.کەچی بە خەڵکی کەرکوك دەڵێ هیچ نیە تەحەمول بکەن!.

ساڵی ١٩٨٨ لەکاتی هێرشی کیماوی ڕژێمدا بۆ هەڵەبجە چەکدارەکانیان ڕێگەی دەباز بوون و هەڵهاتنی خەڵکیان گرت،ووتیان چۆڵ کردنی شار خیانەتە بە شۆڕش!.ساڵی ١٩٩١و لە ئاوارەییەکەدا تا نیوە شەو بە فیشەك تایەی سەیارەکانی خەڵکیان کوون دەکرد،دەیانووت چۆڵکردنی شار خیانەتە بە ڕاپەڕین!.لەکاتێکدا هێشتا خەڵکی لاشەی کۆرپە نازدارە بێگیانەکانیان لەبەر سەرماو کرێوەی چیاکان نەشاردبۆوە،کەجەنابیان لە بەغداوە سەریان دەرهێنا!!.

پرسیار ئەوەیە،باشە ئەگەر ئەو خەڵکە بەقسەی تاڵەبانیان کردو درێژەیان بەو خیانەتەیان وەك دەڵێ نەداو تەنانەت مادەی ٥٨ یش بە دڵی تاڵەبانی جێبەجێ کراوکەرکوك خرایە سەر هەرێمی کوردستان، دوای ئەوە چی؟!. ئەو بیرە نەوتانە بۆ خەڵکی کوردستان دەبێت بە چی؟!. بیرە نەوتەکانی ئیبراهیم خەلیل و باشماخ و سەیران بەند و پەروێزخان و کۆمەکە جیهانیە مرۆییەکان و مەوادە خوراکیەکانی نەوت بەرامبەر بە خۆراك و سەروەت وسامانی کۆمەڵگای کوردستانتان لە ١٤ ساڵی دەسەڵاتتاندا لە کوردستان چی لێکرد،ئەویش هەر وا لێ دەکەن!.خەڵکی هۆشیان هەیە،دەزانن گیرفانتان کونە پڕ نابێت.بۆیە ئەو خەڵکە کە منالەکانیان دوور دەخەنەوە لە ئاگری شەڕتان ئاقڵن. ئەگەرهەر بەرژەوەندیەك نەبێت بە ئاسودەیی بۆ ژیانی خەڵکی کۆمەڵگەیەك هەر بۆ تێهەڵدان باشە. بەرژەوەندی قەومی وئاسایشی نەتەوەیی شتێك نیە، جگە لە پاراستنی بەرژەوەندی دەسەڵاتداران وئاسایشی گیرفان وتاڵان وبڕۆییان.

تاڵەبانی خیانەت لە خەڵکی کوردستان و کەرکوك ناکات، ئەوەی کە ئێستا لەگەڵ بارزانی بەڕێوەی دەبەن عادەتی بزووتنەوەو حزبەکانیانە. فیدرالیزم و لکاندنەوەی کوردستان بە حکومەتێکی قەومی ودینیەوە، خواست و بەرژەوەندی تاڵەبانی وبارزانیەوڕاستەوخۆ لە بەرامبەر خواستی ملیۆنی خەڵکی کوردستاندایە بۆ سەربەخۆیی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. ١/١٠/٢٠٠٥

---

**پرسیار:** ڕۆژی ٢٨ ئەیلول بارزانی و تاڵەبانی لە دوکان بە ئامادەبوونی سەفیری ئەمریکا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیان بەست. لە میانەی ئەو کۆنگرەیەدا ،وێڕای تەئکیدی بارزانی و تاڵەبانی لەسەر پێویستی بە بەڵێ دەنگدانی خەڵکی کوردستان بۆ ڕەشنووسی دەستوور، هاوکات بارزانی هوشداری دا، کە ئەگەر خەڵکی کوردستان بە نەخێر دەنگ بدەن، ئەوکات هاوسەنگی هێز بە زەرەری کورد لە پەرلەمانی ئێستا ی عێراق دەگۆڕێ و ڕەنگە ڕەشنووسی وەك ئەمەی ئێستا نەنووسرێ. ئەم هوشداریە چەندە واقعیەو لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟



**خەسرەو سایە:**

ئەمە یەکەم جارنییە هوشداری لەم بابەتە لەسەرانی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد دەبیسترێ، پێشتریش ئەم جەنابانە بەناوی ئەوەی" کورد لەپەرلمانی داهاتوی عێراقدا کورسی زیاتر وەربگرێ" خەڵکیان ڕاکێشایە بەردەم "صندوقەکانی دەنگدانەوە" و لەمەش ئەو ئەنجامە کەوتەوە کەخەڵکی کوردستان چاولەدەستی جەعفەری و سیستانی و شەعلان و چەلەبی ویاوەرو دەیان دەستەوتاقمی ئینسان کوژ و تیرۆریستی قەومی وئیسلامی بن، تاهەقیان پێبدرێ و مافەکانیان بۆدیاریبکرێ!.

هەرکەس بەکەمێك سەرنجدان لەڕەشنوسی ئەو دەستورەی کەبەرهەمی سیناریۆی هەڵبژاردنە، دەتوانێ بەسادەیی درۆو دەلەسەکانی ئەم جەنابانە ببینێ کەچۆن بەناوی "نوێنەرایەتی کردنی میللەتی کورد"ەوە بازاڕی سات و سەودایان لەکەگەڵ ئەمریکاو هێزە ئیسلامی و قەومیەکان پێ گەرم کردووە، ئەمە لەکاتێکدایە کەئەم دەستوورە نەك هەرماف و ئیختیاراتی بەخەڵکی کوردستان لەبڕیاردانی چارەنووسی خۆیاندا نەداوە، تەنانەت نەك هەر بەهیچ کلوجێك ئازادی و مافە فەردی ومەدەنی یەکانی هاوڵاتیانی نەسەلماندووە وژنانی کردۆتە کۆیلەی فاشیزمی ئیسلامی وشەریعەتەکەی، بەڵکو ئەوەشی بەناوی فیدرالیزم و "ئیختیاراتی ناوچەی فیدراڵ" پێشکەشی بەیەکیتی وپارتی کردووە، شتێکی زیاترنییە لەڕێکەوتن نامەی ئازاری ٧٠ی ڕژێمی بەعس.

بەڵام لە هوشداری ئەم جارەی بارزانیدا، واقعیەتێك هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ووتنی "ئا" یان "نا"ی خەڵکی کوردستان بەڕەشنووسی دەستور ئەتوانێ تەوازنی هێز لەڕوانگەی قازانج و بەرژەوەندی جیاوازی بەشەکانی کۆمەڵگای کوردستانەوە بگۆڕێ. ئەمەش لەو واقعیەتەوە سەرچاوەدەگرێ کە فاکتۆری خەڵك بڕیاردەرە، نەك هەر بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەی دەستور، بەڵکو بۆ گشت هاوکێشە سیاسیەکانی ئێستا. بەم پێیەش ئەکرێ لەهوشداریەکەی بارزانیدا، ڕاستیەکی دوولایەنە دەرکێشین: یەکەمیان ئەوەی بارزانی خەڵکی پێ دەترسێنێت کە گوایە ئەگەر "بەڵێ" نەدەن بەدەستور تەرازوی هێز بەزەرەری"کورد" تەواودەبێ، ئەتوانی بەیانی ئەو واقعیەتە بێت، کە"ناوتنی" خەڵکی کوردستان بەڕەشنوسی دەستور، ڕیسەکەی تاڵەبانی وبارزانی و حیزبەکانیان بکاتەوە بەخوری ولەگەڵ تەنگانەیەکی گەورەی سیاسی بەرەو ڕوویان بکاتەوە. ئەمەش یانی پوچەڵکردنەوە وبەشکست کێشانی هەموو ئەو سیاسەتەیە کە کێسەی وەرگرتنی ئیمتیازات و پلەوپایەو کورسییەکانی دەسەڵاتیان لەحکومەتی داهاتووی عیراقدا، بۆهەڵدووریەوە. دووەمیشیان، بەبارێکیتردا "نا" وتنی خەڵکی کوردستان بەڕەشنوسی دەستور، ئەتوانێ تەوازنی هێز بگوڕێ، بەڵام ئەمە بەپێچەوانەی هوشداریەکەی تاڵەبانی وبارزانیەوە، لەقازانجی خەڵکەو بەزەرەری حیزبەکانی ناسیونالیستی کوردە. بەبڕوای من "نا" وتنی خەڵکی کوردستان بە ڕەشنوسی دەستور یانی ڕەتکردنەوەی بەزۆر لکاندنەوەی کوردستان بەدەوڵەتی مەرکەزی وڕێگاکردنەوەیە بۆ ئازادی ومافی ڕیفراندۆم وبڕیاری سەربەخۆیی کوردستان، یانی "نا"وتنە بۆچوونە ژێر سایەی حکومەتی شمشێرو پەلاماری قەومی و شەریعەتی ئیسلامیەوە. لەیەك ووتەدا، "نا"ووتنی خەڵکی کوردستان ئەتوانی تەرازوی هێزەکان، ئەمجارە بەقازانجی خۆیان بگۆڕن و چارەنوسی ئێستاو داهاتوی کۆمەڵگای کوردستان لەبازنەی یاری پێکردن و سیاسەتی پووچی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد دەرکێشی و ئیرادە و ئیختیارات بۆ خۆیان بگێڕنەوە ولەم ڕێگایەشەوە کۆمەك بەسیاسەتێك بکەن کەلەقازانجی سەرجەم خەڵکی عێراقە.

کەوایە خەڵکی کوردستان نابێ نەك هەر"بەڵێ"ی خۆیان بەدەستور بدەن و ڕێگابدەن بەوەی کەئەمجارەش موقەدەراتی خۆیان بخەنەوە ژێر سایەی سیاسەتی تاڵەبانی وبارزانیەوە، سیاسەتێك کەشەڕی ناوخۆ ونائارامی و بێدەرەتانی و تاڵانچێتی و برسێتی و نەبوونی و تیرۆرو بێمافی لێکەوتۆتەوە، بەڵکو دەبێ ئەمجارە "ناوتن" بەڕەشنوسی دەستور هێزی خەڵکی کوردستان وەك بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لەپێناو دەستکۆتاکردنی دەسەڵاتی میلیشیای حیزبەکانی تاڵەبانی وبارزانی بێنێتە مەیدانەوە.

نا
دژی داسەپاندنی دەستووری فاشیانەی قەومی - ئیسلامی
سەرنوسەر: تاهیر حەسەن
هاوکاری سەرنوسەر: خەسرەو سایە

**ئومید بەستن بە سیناریوی دەستور ئومید بەستنە بەداهاتوویەکی رەش ، داهاتوویەك کەشەری قەومی و حوکمی شمشیری ئیسلام و تیرۆریزم و بیکاری و برسیتی بەشە پیکهاتووەکانیەتی!...**